# تارا جاف
# ئەو خانمەی هونەر بۆتە عیشق و ئاین و خۆشەویستی لەلای



**ئا/ شەدە بەشیر**

یەکێکە ئەگەر یەکەم ژنە هونەرمەندی کورد نەبێت لەوانەی گۆرانی دەچرێت و ئامێری مۆسیقاش دەژەنێت.

تارا جاف لەسەردانیدا بۆ کوردستان ڕۆژی ٢٠٠٦/١١/١٤ بەهاوکاری کەناڵی کوردسات، لەگەڵ کۆمەڵێك لە هونەرمەندانی هەورامان لە تەوێڵە ئاهەنگێکی ساز کرد. وەك هەمیشە هارپەکەی لە ئامێز دەگرێت و بە خۆشەویستی هەورامان گۆرانی دەچرێت، سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی بەرهەمەکانی لەناو جەماوەردا لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە ڕێوان ڕایگەیاند" زۆر دەترسام لێرە خەڵك حەز لە مۆسیقای هێمن نەکات بەڵام خۆشبەختانە بەدڵیان بوو، بۆیە من کاتێك کارەکەم بەسەرکەتوو دەزانم کە خۆم وهەورامانیش لێی ڕازی بین".

خولیای تارا بۆ میوزیك دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی و عیشقی باوکی بۆ میوزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوا، هەوڵدانی بۆ خۆشەویست کردنی میوزیك لەلای منداڵەکانی، تارا دەڵێت" باوکم مامۆستای میوزیکی بۆ گرتین، بۆئەوەی فێری ژەنین ببین یان هەرهیچ نەبێت حەز لە گوێ گرتنی مۆسیقا بکەین".

پەروەردە کردنی تارا لە ئامێزی دایکێکی تورکی تەتەری ڕوسیاو باوکێکی کوردو لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژئاوایی لە بەریتانیا، بۆ ماوەی سی ساڵ ڕەنگدانەوەی زەقی دەبێت لەسەر هونەرەکەی تارا وە کاریگەریشی بۆ هەڵبژاردنی ئامێری هارپ و خۆشەویستی ئەو بۆ هونەرمەندی گەورەی ئیرلەندی (میری) کە یەکێکە لەو هونەرمەندە کەم وێنانەی ئامێری هارپ دەژەنێت و گۆرانیش دەڵێت، وای لێ دەکات گۆرانی بڵێت و هارپیش بکاتە هاوڕێی هەمێشە دانەبراوەکەی.

تارا خولیای میوزیك دەبێتە هەموو شتێك لەلای و دەڵێت" هونەر میوزیك لای من عیشقە، خۆشەویستیە، ئایینە، هەموو شتێکە".

ئەو پێی وایە هونەر لە هەموو کەسێکدا بوونی هەیە، دەرکەوتنی ئەو بەهرەیەش دەکەوێتە سەر خودی کەسەکەو پەروەردەکردنی، لەلایەن کۆمەڵگاوە. ناوبراو دەیگێڕێتەوە کە هەرچەندە باوکی هانی داوە بۆ فێربوونی میوزیك بەلام لەگەڵ ئەوەدا نەبوە گۆرانی بڵێت، بەهۆی کودوبەندی کۆمەڵایەتیەوە، دواجار سور بوونی ئەم وادەکات باوکی دان بە بەهرەکەی دا بنێت و دەڵێت"کاتێك بەهەورامی گۆرانیم وتو باوکم زۆر پێ خۆش بوو لەبەر ئەوەی چوبومە ژێر چەتری عەشیرەتەکەی".

دواجار تارا بەردەوام دەبێت لەپەروەردەکردنی بەهرەکەی و گەران بەدوای ستایلێکی تایبەت بە خۆی" من دەمویست ڕێچکەی خۆم وەرگرم، وەلەژێر دەستی کەسدا نەبمو ڕێگەی خۆم بدۆزمەوەو وەئەوەی بمەوێت بیکەم".

ئەو بەخۆشحاڵیەوە باسی لەزیادبوونی هونەرمەندە کچەکان دەکات هیواش دەخوازێت بەهەمان شێوە ژەنیارە ژنەکانیش زیاد بکەن" هیوادارم ڕۆژێك لە ڕۆژان دەهۆڵ ژەنێکی ژن ببینم".

## پەلکە زێڕینەی شیعر کچانی هەڵەبجە کۆدەکاتەوە

(لەژێر پەلکە زێڕینەی شیعر) ناونیشانی ئەو کۆڕە شیعریە بوو کە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، لە هۆڵی سارا لە هەڵەبجەی شەهید شەش کچە شاعیری لاوی هەڵەبجەی تێدا کۆکردەوەو شاعیران (ماردین ئەبوبکر، بەفراو عەبدول، کلسوم حسێن، ڕوبار وەلی، خەندەو بێخاڵ) کۆڕەکەیان شیعرباران کرد. لەگەڵ ئەوەی جەماوەرێکی کەم ئامادەی کۆڕەکە بون شاعیر کلسوم حسێن بەنیگەرانیەوە ئاماژەی بە ساردی جەماوەری هۆڵەکەداو بەڕێوانی ڕاگەیاند" کاتێك من ئاسودەم کە بزانم شیعرەکانم لە دڵی زۆرینەی خەڵکدا جێگایان بۆتەوە" هەروەها ئاماژەی دا بەوەی گەر بزانێت ئاوها پێشوازی لە شیعرو شاعیران دەکرێت ئەوا جارێکی تر بەشداری ناکات و هەرگیز شیعرەکانی بەچاپ ناگەیێنێت.

ئامادەبونی جەماوەرێکی کەم لەو کۆڕەدا کە لە ڕۆژی ٢٠٠٦/١١/١٤ بەڕێوەچوو، پرسیارێك دەوروژێنێت کەلسوم وتەنی" ئایا هۆی ئەوەیە کە بروایان بەتواناکانی ئێمەی کچ نیە".

**ئا/غەمگین**

**لە سلێمانی**

## سەمای دەمامک پێشکەش دەکرێت



بڕیارە گروپی سەمای تەعبیری، بەسەرپەرشتی رووبار ئەحمەدو کۆمەڵێك مامۆستاو خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان سەمایی (دەمامك) لەیەکەمین ڕۆژی کرانەوەی فیستیڤاڵی هونەری شانۆ لە سلێمانی پێشکەش بکەن. (دەمامك) سیناریۆی نیاز لەتیفو دەرهێنانو ڕاهێنانی روبار ئەحمەدە.

ئەم گروپە یەکەم گروپی سەمایی تەعبیریە لە سلێمانی، تاکو ئێستا لەساڵی ١٩٩٦دا سەرقاڵی چالاکینو نمایشی کورتیان پێشکەش کردوە، لەمبارەیەوە روبار ئەحمەد لەچاوپێکەوتنێکیدا ئاماژەی بەوەکرد کە نەبونی بودجەو ئیمکانیاتی مادی، فاکتەرێکی سەرەکی دواخستنی دامەزراندنی گروپەکەیە، ئەگەرچی تاکو ئێستاش چەندین کۆمەڵی تری ڕێکخستوە، بەڵام نەبونی پاڵپشتی مادیو مەعنەوی هەڵیوەشاندۆتەوە.

سەماکە ماوەی ١٣خولەکەو چەند مانگێك گروپەکە خۆی بۆ ئامادە دەکاتو لە ٢٠٠٦/١١/٢١ لە فیستیڤاڵی هونەری شانۆ نمایش دەکرێت.

شاناز محمەد یەکێکە لەئەکتەرەکانی گروپەکەو ئاماژەی بەوەکرد کە نمایشەکەیان بریتی‌یە لە کۆمەڵێ جوڵەی درامایی و هەندێکیش سۆلۆی تێدایەو نزیکەی ١٧ئەکتەرن هەموو پێکەوە وەك سەماکەرێك دەرئەکەون، ئەو دەڵێت" ئەگەر چی پسپۆرو شارەزای سەما لەکوردستاندا زۆر کەمە، بەڵام ئێمە ئارەزومان بو ئەم کارە بکەینو بەوپەری خۆشەویستیەوە توانیمان جەستەیەکی نەرم پەروەردە بکەینو سنورێك ببەزێنین".

**ئا/ لاجان**

**لەخانەقی**

## یەکەمین زەماوەندی بەکۆمەڵ بەڕێوە دەچێت



لەهەنگاوێکی کەم وێنەدا زەماوەندی بەکۆمەڵی سیانزە بوكو زاوا، لەهۆڵی شەهید خەلیل لە شاری خانەقی بەئامادەبوونی کەسوکاری بوكو زاواکان بەڕێوەچوو.

زەماوەندەکە لە ٢٠٠٦/١١/٧دا ئەنجامدرا، بەگوێرەی قسەی هەندێ لە ئامادەبووان، چالاکییەکی خۆشو دڵگیر بوو.

هەریەك لە ڕێکخراوی ئازادی لاوانو ڕێکخراوە دیموکراتیەکانو مەڵبەندی خانەقی ئەرکی دابین کردنی بودجەو پێداویستیەکانی زەماوەندەکەیان گرتبووە ئەستۆ.

ستار محەمەد لێپرسراوی ڕێکخراوی ئازادی لاوان لەخانەقی سەبارەت بە چالاکییەکە وتی "مەبەست لەم کارە یارمەتیدانی گەنجانی کەمدەرامەتە بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی، وە ئەگەر هاوکاری بکرێن ئەمە دواهەمین کارمان نابێتو ساڵانە دوبارەی دەکەینەوە".

ئەو شادمانییەی بەڕوخساری بوكو زاواکان بەدی دەکرا ئەگەرجارێك بەهۆی هاوسەرگیری و بەیەکگەیشتنیان بوبێت، ئەوا دوهێندەش بەهۆی ئەو پارچە زەوییەی کە قایمقامی خانەقیو ئەو بڕە پارەیەی لەلایەن بەڕێوەبەری کارەباوە بۆ هەریەك لە بوكو زاوایەك پێشکەشیان کردبوون.

**ئا/ ئالا**

## نواڕی

### چۆن بەهرەکانمان ئەخنکێنن؟

زۆرن ئەوانەی دەست ڕەنگینن و شەونخونی بەکارەکانیانەوە ئەکێشن، دەگمەنیشن کەبتوانن توانا شاراوەکانی خۆیان بخەنە سەر ڕێچکەیەك کە بەئاسانی پێی بناسرێن و هەست بەوە بکرێت کە هیلاکیان بەهەدەر نەچوەو کەسانێك هەن ڕێز لە ماندوو بونو کارەکانیان بگرن، ئاشکراشە لەم وڵاتەی ئێمە هەرکەسێکی بەهرەمەند یان ئەبێ بە ئیمکانیەتێکی دارایی باش یان بە پاڵپشتی دەزگایەك یان بەرپرسێك ئەتوانێت بەرهەمەکانی چ لەبواری هونەری یان ڕۆژنامەنوسی وهتد.... بخاتە بەرچاو خۆ ئەگەر ئەم هۆکارانە پاڵپشتی نەبن ناتوانێ تاکە هەنگاوێکی تر بنێت وەك ئەوەی لەم بابەتەدا ئاماژەی پێدەدەین .

مەلاسمایل نورەدینی یەکێکە لە ڕۆژنامەنوسە چالاکەکانی دەڤەری ڕاپەرین کە ماوەی دووساڵە مانگنامەیەك بەناوی (شمشارە)دەردەکات لەسەرخەرجی خۆی و هاوکاری مادی هەندێك لە هاوڕێکانی، جگە لەوەی مرۆڤێکی دەست ڕەنگینە و شارەزایەکی باشی بواری هونەرە، لەم ماوەیەی پێشو دەستی دایە وەرگێڕانی فیلمی بەناوبانگ (سینۆهە) بۆ زمانی کوردی کە هەمومان ئەزانین ناوەرۆکی ئەم فیلمە زۆر سەرنجڕاکێشە، ئەم کارەی بەشێوەی ژێرنوس ئەنجام داوە، بەڵام بەداخەوە ئەم پیاوە هەست ناسك و بەرزە تێکڕای دەزگاکانی ڕاگەیاندن و TV ناوخۆییەکان گەڕا بەڵام کەسیان ئامادەنەبون لێی وەربگرن و تەنانەت کە نرخی تێچونەکەی لە (٣٠٠$)دۆلار تێپەڕی نەکردبو بۆی جەرج بکرێتەوە و ئەو بەرهەمە گرنگە پەخش بکرێت، ئەمەوا لە مرۆڤ ئەکات جارێکی تر بیر لەو کارانە نەکاتەوە کە جگە لە هاوڕێکانی نەبێت هیچ سەرچاوەیەکی دارایی تری نیە، ئەی چۆن گەنجو بەهرەمەندەکانی ئەم وڵاتە پشت بە ئێوە ببەستن کە دووکاری لەم چەشنە ئەبینن؟.

گەنجانی ڕانیەو سەنتەری چالاکی گەنجان لە هۆڵەکەی خۆیان فیلمەکەیان پەخش کرد، کە ئامادەبوانێکی بەرچاوی هەبوو داوای ئەوەیان دەکرد بۆ ماوەی یەك هەفتە فیلمەکە پەخش بکرێت بۆ دانیشتوانی ئەو دەڤەرە، بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەڵێم وەك خۆتان دەڵێن بە مەلاسمایل ئێمە زۆر موهتەم نین بەو کارەو ئەگەربمانەوێت ستافمان هەیە ئەوکارەمان بۆ بکات ئەی کێ دەستوقاچی گرتون؟ بۆ کارێکمان نەبینی لەم چەشنە یان ئێوە بە کاری ئەم جۆرە مرۆڤانە کێچ ئەکەوێتە کەوڵتانو هەستیش بەوە ئەکەن کە کەسانێك هەن بەدەر لە ئێوە توانای لە ئێوە زیاترە.

گوناهی مەلا سمایل لەوەدایە، نە لە هەندەران ئەژییێت، نە سەرمایەدارەونە وەك هەندێك کەس پشتوپەنای هەیە، بۆیە دەپرسم ئەگەر مەلاسمایل ئەوکارەی لەهەندەران بهێنایەتەوە یان کەسێکی ناسراو یان خزمی بەرپرسێك بوایە بەهەزاران دۆلارتان بۆ خەرج نەدەکرد؟؟.

**چیا دەرگەڵەیی**